
دەریـا ڕەوانـدزی

# کاتێك بەتامەزرۆوە پێشوازیت لێکردم

1

کاتێك بانگت کردم،
بۆ یەکەم دیداری ئەوین
دەستم نەخستە نێو دەستت
نەهاتمە لات.
تکام وایە
نەفرەت نەکەی لەبوونی من،
چونکە زۆر کات
نەفرەتی مەرگ
بە تامەزرۆوە پێشوازی لێکردوم،
تکام وایە
سەرزەنشتم نەکەي،
چونکە زۆر کات
باڵندەی ماندو و شەکەت
لەسەر شانم نیشتۆتەوە.

2

زۆر کات ئەو وێنانەی
کە بۆنی تۆیان گرتوە
دێنە پیش چاوم،
لە تەکیاندا دەکەومە گۆ.!.....

3

زۆر جار
دەم و لێوم
تینوی ئاوازێکی حەزینن
تەزیون .
ناگەنە گۆ
بۆیە کپ و بێدەنگ ئەبم
ناتوانم ناوت بدرکینم.

4

چی دەبوو
گەر کراسەکەی بەرم
ڕێي کردایە
خۆ من بەمیسلی دارستانی (ئەمازۆن)م
گەلێ چڕم
پڕ لە داری باڵا بەرزم
کەچی بەشەو ڕۆژ دەسوڕێمەوە و دەگەڕێم،
وەلێ بیرو بۆچون و خۆشیەکانم
هەر زیندون.

کەنەدا
دەریا ڕەواندزی